ئەعزەمی نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەواری کۆنی عیراقی بووە.

بۆ جاری دووەم لە ساڵی ١٩٥٨ دەستەیەکی عیراقی بەسەرۆکایەتی عەبدولقادر تکریتی پشکنینیانەو کاری پشکنین بە درێژایی هەردوو وەرزەکە هەتا ساڵی ١٩٥٩ بەردەوام بووە.

ئەنجامەکانی پشکنین [٣]

بۆ یەکەم جار بەشی سەرەوەی پشکنراو بە دوای ئەوەدا رۆچوونە خوارێ بۆ چینەکانی ژێرەوە،(١٦)چینی خانوویان دەشت نیشان کرد بەبێ ئەوەی بگەنە چینی بنەڕەتی،ئەو چینانەش کە دۆزراونەتەوە بەم شێوەیە دەست نیشان کراون:

١-سێ چینی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە ئیسلامیەکانی سەدەدەی دووەمو سێیەمی کۆچی.لەم چینانەدا هەندێ‌سەبیلەی گڵینی (الغلابين الفخاريه)ی جوان دۆزراوەتەوە کە هەندێکیان فلتەری مسین (فلترات نحاسيه) تێدایە.سەرەرای ئەمە هەندێ قاپو قاچاغی گڵێن (الاواني الفخاريه)و زەخرەفەی شکاوی ئیسلامیو زەخرەفەی شکاوی حیثی تێدا بووە کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ خانەوادە (السلاله)ی مێنگ(مینغ)،ئەمەو لەگەڵ هەندێ خشڵ کە پێکهاتبوو لە بازنەو مورو .


٢-چینی چوارەم هەتا دەگاتە چینی هەشتەم،دەگرێتەوە بۆ زەمانی حوری‌یەکان. لەم چینانە کۆمەڵێك تابلۆی مێخی(اللوحات المسماريه)دۆزراوەتەوە کە بەزمانی ئەکەدی نووسراوە، بەڵام هی حوری‌یە خۆماڵیەکانن،مێژووەکەی هی زەمانی دەسەڵاتی(شەمش-ئەددی یەکەم)ی ١٨١٢ پ.ز ی پاشای ئاشوری‌یە. ئەو تابلۆیانە لەناو خشتی سوورکراوەی ناو یەك لە ژووری پەرستگاکانی چینی پێنجەم دۆزرایەوە،لە هەمان چین هەندێ دوکەڵکێش دۆزرایەوە کە لە شێوەی بیناسازی بووە لەسەر سەکۆیەك لە ناوەراستی خانوویەکە بە کەرپوچ دروستکراوی لە هۆڵی (٣٥)لە پەرستگا گەورەکە.

سەرەرای ئەمانە کۆمەڵێك سەرە رمبو تیرو چەقۆو دەرزیو شانەی پرچو تەورداسی مسینو قالبی گڵێن بۆ دروستکردنی تەور دۆزرایەوە، لەگەڵ دۆزینەوەی شوێنەواری سەردەمی تواندنەوەو لە قالبدانی کانزا کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ پێشکەوتنی پیشەسازی کانزا.

هەروەها پەرستگایەکی گەورەی تێدا دۆزرایەوە کە لە مەیدانیکی ناوەراستو بە چەند خانوویەك دەورە درابوو.

٣-چینی نۆیەم هەتا چینی شانزەهەم دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش مێژوو( کۆمەڵێکی زۆر لە ئامرازو کەلوپەلی بەردینو مەتاڵو قاپو قاچاغی شکاوی بەردیو گڵێن دۆزراوەتەوە کە هی سەردەمی حەسونەو سامەران(•) .

لەجاری دووەم پشکنین گەیشتە بەشی ژێرەوەی ئەو شوێنەو پشکێنەر هەوڵی دەدا پەیوەندیەك لە نێوان هەردوو بەشی باکورو باشوری گردەکە پەیدا بکات.. لە چینی پێنجەم کونێك هەبوو بە ئاراستەی باکوری گردەکە دەرۆیشت لە ژووری ژمارە سیو چوارکە بە ژووری ژمارە بیستو حەوت بەسترابۆوە لەلای دەروازەی باشوری‌یەوە،



کۆمەڵێك لە ئامێری بەردین کە زۆر بە وردی دروستکراوەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەردینی نوێ. لە چینەکانی ١٦-١٤ دۆزراوەتەوە

لەوێ کۆمەڵێك تابلۆی مێخی دۆزرایەوە کە زیاتر تایبەت بوو بە لایەنی ئابووری،لیستی تایبەت بە دابەشکردنی جۆو زەوی کشتوکاڵیو مادەی خۆراك، سەرەرای ئەمە هەندێکی تر ئامێرو کەلوپەلی کانزاییو زیویو قاپو قاچاغی گڵێن دۆزرایەوە.

ناوو مێژووی کۆن :

-لەوانەیە ناوی شمشارە لە وشەی شوشری کۆنەوە هاتبێ کە بەدرێژایی سەردەمە مێژوویەکان بەکارتووە.لە دەقە مێخی‌یەکاندا بە شێوەی ″Su-sar-ra-aki″ هەروەها بە شێوەی ″Su-sar-raki″ هاتووە[٤].

کۆنترین دەقێك دۆزرابێتەوە ناوی شمشارەی هێنابێت ئەو دەقەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ زەمانی بنەماڵی ئووری سێیەم، پێش ئەوزەمانە دەشتی بیتوێن کە شمشارە مەڵبەندی ئیداری بووە ،وەکو بنکەیەکی دەرچوو وابووە بۆ سوپای ئەکەدی کاتێ بە ئاراستەی ناوچە شاخاویەکانی کوردستان رۆیشتوون بە تیبەتی رێرەوە بەرتەسکە سروشتیەکانی نزیك شمشارەیان بەکار هێناوە،وەکو تەنگەبەرەی(بابێت)و تەنگەبەرەی(بازیان) و تەنگەبەری(رەمکان) کە لە نزیك ئەویوە لەسەر رێگای قەڵادزە تابلۆیەکی یادگاری پاشای ئەکەدی (نرامسین) یان دۆزیەوە[٥] .

---

[٣]- ئەم زانیاریانەم لە ئەرشیفی بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری عیراقی ساڵی ١٩٨٦ وەرگرتووە،لە را پۆرتە سەرەتاییەکانی پشکێنەرانی گردی شمشارە.

* بروانە هێڵکاری ژمارە( ٢ )و ژمارە( ٣ )و ژمارە( ٣ ) و ژمارە( ٤ ) .

-[4]Joergen Lassoe, The Shishara Tablests.

[٥]- تۆفیق وهبی، مسألە دربندی رمکان، مجله سومر، ص ١٩٤٨ .